## بەڕێزان خوێنەران و میوانانی کوردستان نێت:

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە شانزە ساڵ بەسەر کارەسانی ئەنفالـەکاندا و شێوە پشتگوێ خستنێکی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ ئەم کارەساتە گەورەیە، بەمافی ئێوە وخۆمانی دەزانین کە چەندەها پرسیار، ئاراستەی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بەرزانی بکەین. وەك دوو بەرپرس لەبەرامبەر چارەنووسی ئەنفالـەکان دا. بۆ نموونە ئێمە چەند پرسیارێك بە (ئایا) دەنووسین و ئێوەش پرسارەکانتان بەهەمان شێوە لە خوارەوە بنووسن. داواکارین پاش دوو هەفتە لە بڵاوکردنەوەی ئەم پرسیارانە، لە لایەن ئەو دوو بەڕێزەوە وەڵاممان پێبگاتەوە.

- بەڕێزان ئایا لـەو باوەڕەدانین، کە جەماوەری خەڵکی کوردستان و کەس وکاری ئەنفال و بێسەروشوێنەکان، چیدی چاوەڕوان ناکەن و ئەنجامی کۆتاییان لـێتان دەوێت؟
- بەڕێزان ئایا دەزانن ئەنفالـەکان هیچیان نیە و هیچیان نەماوە تاکو بیدۆڕێنن؟
- بەڕێزان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە خێزانی ئەنفالـەکان چارەنووسی کۆتایی مێردەکانیان بزانن؟
- بەڕێزان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە منداڵان چارەنووسی کۆتایی باوك ودایکیان بزانن؟
- بەیزان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەسوکاری ئەنفالـەکان، لـەژێر نایلـۆن و خێمە و جەمەلـۆن و حاویەکاندا بێنە دەرەوە و وەك مرۆڤ لـەناو خانوودا بژین؟
- بەڕێزان ئایا پاساو ماوە بیهێننەوە بۆ دواخستنی دیاری کردنی چارەنووسی ئەنفالـەکان؟
- بەڕێزان ئایا سەدام حسێن خۆی لـەبەغدادەوە هاتەکوردستان و ئەمرەکانی خۆی بەجێگەیاند؟ یان ئەنجامدەری دڵسۆزی هەبوو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی؟
- بەڕێزان ئایا زانیاری دەربارەی چارەنووسی ئەنفالـەکان، لـەلای کەسانێك نیە کە هەندێکیان ئێستا لە کوردستان پاروی چەور دەگلـێنن، هەندێکی کەشیان ڕۆژانە لە بەغداد سەردانتان دەکەن؟
- بەڕێزان ئایا کاتی ئەوە نییە کە زۆربەی ئەندام کادێرەکانتان بە ناو هەمووبیابانەکانی عێراقدا، بڵاوبکەنەوە، بەڵکو دەسماڵێ یان جامانەیەك بدۆزنەوە.
- بەڕێزان ئایا باشتر نییە هەواڵنێر و کامێرامانەکانتان لـەجیاتی ئەوەی ڕاپۆرتی ئەوەمان بۆ بنێرن کە فلاَن قوتابخانەی بەغداد پەنجەرەکانی شکاوە، بچن بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشوری عێراقدا بگەڕێن و سۆراغی ئەنفالـەکانمان بۆ بکەن.

عومەر فارس عەزیز
بەرپرسی کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت